## راگەیاندنی پێک هاتنی
## کۆمیتەی هاوپشتی بۆ بەرگری لە ئازادی رادەربڕین لە دەرەوەی وولات

دەستەی بەرگری لە ئازادی را دەربرین لە کوردستان کەمپێنێکی بەرێ خستووە لە بەرانبەر پرۆژەی یاسای رۆژنامەوانی لە کوردستان کە لە لایەن سەندیکای رۆژنامەنوسانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە . ئەم پرۆژەی یاسایە بە تەواوی دژی ئازادی رۆژنامەگەری و دژی ئازادی رادەربرینە ئەگەر ببێتە یاسایەکی پەسەند کراو لە هەرێمی کوردستاندا ئەوا زنجیرو کەلەپچەی پاراستنی داب و نەریت و ئایینی رەسمی کە ئیسلامە وە موقدەساتی دینەکانی تر و عەشیرەت و تایفە گەری دەکرێتە دەست قەلەم بەدەستانی نووسەر و سەرنوسەرو پەیامنێری رۆژنامەکان . ئەگەر ئەم یاسایە بچەسپێ زۆر رۆژنامە مۆلەتی کاریان پێ نادرێ بە تایبەتی رۆژنامەکانی چەپ وکۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و رەخنەگرانی واقیعی لە دەسەلاتی ناسیونالیستی کوردستان وفەرهەنگی باوی دواکەوتوانە و پیاوسالاری دژە ژن ودژە مندالّ .

ئەم پرۆژەیە هیچ جۆرە ئازادی رادەربرین بۆ رۆژنامەوانان لە کوردستاندا دابین ناکا بەلکو بە پێچەوانەوە ئەم ئازادیە زەوت دەکا هەر بۆیە ئێمە لە رێگای ئەم راگەیاندنەوە ئەوە رادەگەیەنین کە سەرەرای پشتیوانیمان لە هەولّ وکەمپینەکەی دەستەی بەرگری لە ئازادی رادەربرین لە کورستان توانای خۆمان دەخەینە کار و دەنگیان بە کۆمەلگای ئەورووپی دەرەوەی وولات دەگەیەنین و هاوپشتی بۆ ئەم دەستە یە پەیدا دەکەین بە هەموومانەوە لە بەرانبەر ئەم پێشێل کاریەی ئازادی بیرو را لە کوردستان رادەوەستین بە فشاری هیزو لایەن و کەسایەتی ئازادیخواز و کۆمۆنیست دەبێ بەری پێ بگرین .

داوا دەکەین کە هەموو هێزە ئازادیخواز و پێشکەوتوو خوازەکان بێنە ناو ئەم کەمپینەوە بۆ ئەوەی رێگا نەدەین کە دەربرینی بیرورا لە کوردستاندا سەرکوت بکرێ وە پێکەوە هەولّ بدەین بۆ سەپاندنی یاسایەکی رۆژنامەوانی مۆدێرن و پێشکەوتوو خواز.

بژی ئازادی بێ قەیدو شەرتی را دەربرین
بژی ئازادی رۆژنامەوانی لە کوردستان

**کۆمیتەی هاوپشتی بۆ بەرگری لە ئازادی را دەربرین لە دەرەوەی وولات**

2007/12/3

بۆ پەیوەندی گرتن بەم کۆمیتەیە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە :
Email: serdarabdulla@hotmail.com
تەلەفۆن : 0014165615131